# هێرشی حکومەتی ئیسلامی ئێران

ئەمڕۆ سەر لەبەیانی ٢٨/٩/٢٠٢٢ حکومەتی مەلاکانی تاران بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشی بردە سەر بارگای هێزەکانی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ لە باشووری وڵات، لەم هێرشەدا بە پێی هەواڵی ڕادیۆ ئاڵمان Deutschlandfunk نۆ کەس کوژراون و کۆمەڵێک کەس کە لە ناویاندا ژن و منداڵیش هەن، بریندار بوون.

ئەوەی حکومەتی ئێران و تورکیا بەردەوام و بەئاشکرا هێرش بۆ سەر وڵاتێکی دیکە دەبن و شار و گوند وێران دەکەن وخەڵک دەکوژن و بریندار و لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارەیان دەکەن، ئەوە دەردەخات کۆمەڵگای ناونەتەوەیی، یەکیەتی ئورووپا و سەرجەم دەوڵەتەکانی بەشدار لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەت و حکومەتەکان دەنگهەڵدەبڕن. بەو پێیە، نەتەوەی بێ دەوڵەتی وەک نەتەوەی کورد کە لە هەموو لایەکەوە هێرشی لە سەرە و هاووڵاتیانی لە هەر چوار وڵاتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکوژرێن، جێگای باس نییە.

حکومەتی ئیسلامی ئێران کە پاش کوشتنی ژینا ئەمینی ڕووبەڕووی قووڵترین قەیران بۆتەوە، نەک هەر لە سەر شەقام ڕاستەوخۆ دەستدرێژ لە خەڵک دەکات، بەڵکوو لە دەرەوەی سنووری وڵاتی خۆشی کەوتۆتە هێرش بۆ سەر خەڵکی مەدەنی. سەدام لە دوا ساڵەکانی فەرمانڕەوایی خۆی شاری هەڵەبجەی دایە بەر بۆمبارانی کیمیایی و زیاتر لە پێنجهەزار کەسی بێ گیان کرد، ئێستا هەمان سیاسەت لە لایەن حکومەتی ئیسلامی ئێران، دووبارە دەبێتەوە.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان بە ناوی نووسەر و کارگێران و خوێنەرانی خۆیەوە داوا لە کۆمەڵگای جیهانی دەکات، لە حاند دڕندەیی حکومەتی ئیسلامیی ئێران بێدەنگ نەبن، بۆمبارانی ئەمڕۆی باشووری وڵاتی ئێمە، دەتوانێ سەرەتای ئاڵۆزکردنی زۆرتری ناوچەکە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە بێ، کە تا ئێستا ڕاستەوخۆ دەستی لە شێواندن و وێرانکردنی وڵاتانی سوریا، عێراق، لوبنان، یەمەن و شوێنی تر هەبووە. هەروەها داو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە بەغدا دەکەین بۆ خەڵکی ڕوون کەنەوە کە بۆچی لە حاند بەزاندنی سەرەوەری وڵاتەکەیان و کوشتنی خەڵک لە لایەن حکومەتی ئیسلامی ئێرانەوە بێدەنگن!

با حکومەتی ئیسلامی ئێران باش بزانێ، نە خەڵکی کورد و نە خەڵکانی تری ژێر دەستەڵاتی نگریسی حکومەتی ئیسلامی و هێزی سیاسی نەتەوەکانی ناو ئێران هەتا سەرکەوتن واز لە ڕاپەڕینی خۆیان ناهێنن.

ئێمە زۆر خەمبار و پڕ لە بێزارین بەرانبەر بە برینداربوون و کووژرانی هاوولاتیان و هیوادارین هێزەکانی سیاسی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە هەرچی زووتر بە یەکبوون و یەکهەڵوێستبوون و یەک بەرنامە و سیاسەت، هاوشان لە گەڵ خەڵکی خۆڕاگری کوردستان هەنگاو بۆ نەمانی ڕژیمی مەلاکان هەڵهێننەوە، لە هەمان کاتدا چاوەڕوانی هاوبەشیی خەڵکی باشووری وڵات و حکومەتی باشووری کوردستان دەکەین.

ڕێداکسیۆن و نووسەرانی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان

٢٨/٩/٢٠٢٢